# عێراق و دانانی دەستورێکی تازە

ئەحمەد دەشتی

ئەمڕۆ کە لە سەر خاکی عێراقی سالەهای سال پڕ لە مال وێرانی و شەڕو کوشتارو زیندە بە چال کردن و ئەو هەموو کارەساتانەی کە بە سەر تەواوی خەلکی عیراق بە گشتی و بە سەر خاکی کوردستان بە تایبەتی هاتۆتە کایەوە هەمووی هۆکاری ملهوڕی و دان نەنان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بووە کە لە سەر خاکی شیرینی خۆی دا ئازادو سەر بەخۆ بیت، لە مێژە کە گەلی عیراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی مال وێران و ئاوارەو دەربەدەر کراوەو هەرچی نەهامەتی و نالەباری و دوا کەوتن و تالی ژیانە بە سەر گەلی کورد هێندراوەو کورد لە هەموو مافێکی ژیانی ئازادی و ئاسودەیی بێبەش کراوە، زۆر جێگەی داخە کە ئەمڕۆش دوای ئەو هەموو کارەساتە نالەبارانەی کە بە سەریان هێناوین دەبینین کە کەرەناکانی بە ناو ئومەی عارەبیوە لەملاو ئەولادا لێ دەدرێت و پەلاماری گەلی کورد دەدەن و تەنانەت خاکەکەشی بە کوردستان ناو نابەن و خاکی عێراق کە خاکی کوردو عارەب و هەموو کەمە نەتەوایەتیەکان و هیچ کەسێ مافی نکۆلی لێ کردنی نیەو ناتوانێ کە خاکی عێراق بە خاکی ئومەی عارەبی ناو ببات و لە خۆیانەوە درۆ و فیشال و قسەی ناڕەوا و ناراست دەکەن و خاکی گەلێکی وەك گەلی کوردی ستەمدیدە کە لە پێش عارەبانیشەوە لە سەر ئەم خاکە ڕەنگیەی خۆی دا ژیاوە، دەبینین کە کوردستانی ئازیزی کورد بە خاکی عارەبان ناو دەبەن و کەرەناکانیان لەو بارەوە بە کار دێنن و تەپل و زورنا بۆ مەبەستە گگلاوەکانیان لێ دەدەن و وا لە جیهانیان دەگەیەنن کە گوایە عێراق خاکێکی ئومەی عارەبیەو مافی هیچ میللەتێکی تری بە سەر وەنیە، ئەم هەستە گلاوە باوی نەماوەو هەستێکی دژ بە گەلی کوردو مرۆڤایەتیە و هۆکاری نە چەسپاندنی ئارامی و ئاسایشە لە ناوچەکەدا.

بەراستی ئەم تەپل لێدانەی شۆڤێنیە عارەبەکان هەستێکی تا بلێی ناپاکەو دژ بە ئاسایش و ئارامی و هەموو خالکی کوردو خودی عارەبانیشە و هەر ئەم هەستە ڤلاوەش بوە کە ئەم هەموو کارەساتانەی وەدی هێناوە و بوەتە هۆی ئەوەی کە گەلی کورد هەتا ئەمڕۆ بە هەزاران هەزار قوربانی لە پێناوی رزڨاری و سەربەخۆیی بدات و سالەهای سالیشە کە گەلی کورد بە هۆی ئەو هەستە گلاوە توشی بە سەدان کارەسات و نەهامەتیەکان هاتووە. ئەگەر ئاوڕێك لە ڕابوردو بدەینەوە دەبینین کە گەلی کورد لە پێناوی رزگاری و سەر بەخۆیی خۆی دا لە خەبات و تێکۆشان دا نەوەستاوەو هەتا ئەو ڕۆژەش کە بە مافە ڕەواکانی خۆشی نەگاتن هەرگیز لەو ڕێبازە پیرۆزەوە ناوەستێت و تا دوا هەناسەی ژیانی هەموو کودێك لە پێناوی رزگاری و گەیشتن بەو مافە پیرۆزانەی میللی خۆی هەرگیز کۆل نادات و دەبێ ڕۆژێ بیت کە گەلی کورد بگا بە تەواوی مافەکانی خۆی و مافی چارەنوسی خۆشی لە دەست خۆیا بێت و هیچ کەس و میللەت و هێزێکی تر مافی ئەوەی نیە کە بڕیاری چارەنوسی گەلی کورد لە کورد بسەنێتەوە.

ئەمڕ کە تەواوی عێراق لە چنگ ڤەورەترین دکتاتۆری و پڕ جنایەت ترین دکتاتۆری ئەم ڕۆژگارە رزڨاری بووەو لە بارو دۆخێکی زۆر ناسك و پڕ لە ڕوداوی جۆراو جۆرو ئایەندەیکی روون بۆ گەلی کورد دا دەژیت و گەلی کوردیش لە سەر خاکی خۆی دا لە دوای ئەنفالەکان و بۆمبارانی کیمیایی و ئەو هەموو کوشت و کوشتارەی کە بە سەری هاتووە و بەوپەڕی دلێری و ئازایەتیەوە بەرامبەر داگیرکەرە درندەکانی مرۆ کوژ هەتا ئەمڕۆ کە کۆلی نەداوەو هۆکارێکی زۆر زۆر گرنگیش بووە لە ڕوخانی دکتاتۆرێکی وەك سەدامی خوێن ڕێژو لە گەل ئەو هەموو کەم و کوڕیەوکانەشیدا کورد توانیویەتی کە خۆی بە ڕێوە بەرێت و تەنانەت ببێ بە هۆکارێکی گەورە بۆ ترسی چەسپاندنی دیموکراتیەت لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین و دەورو بەری خۆی دا، دەبینین کە لە ناو تەواوی وەلاتانی عارەبیش دا کە سەدداان سالە فەرمان ڕەوایی دەکەن هەتا ئەمڕۆش شتێکی کە لەو ماوەیەدا لە کوردستان پیادە کراوەو گەلی کورد توانیویەتی سەر بەرزانە گەلێ کاری گرنگ و لە بارو مرۆڤ دۆستانەو نیمچە دیموکراتیەتێك لە سەر خاکەکەی خۆی دا دوور لە ژێر دەستی داگیرکەرانی کوردستان دا پیادە بکات و بچەسپێنێ، ئەمەش دەگەرێتەوە سەر هاواکاری و دۆستایەتی مرۆڤ دۆستان و ئەوانەی کە بەوپەری توانایانەوە دژ بە بەرەی ترۆر و کوشت و کوشتارو چەوساندنەوەو کارە نامرۆپیەکان هەل دەستن، گەلی کورد توانیویەتی تا رادەیەك کوردستانی خۆی ئاوەدان بکاتەوەو ئاسایش و ئارامش

زیاتر وەدی بێنیٚ و ببێتە جێگەی شانازی و ئەو سیما زشتەی کە دوژمنانی گەلی کورد بۆ سوکایەتی کورد سالەهای سالە توانیویانە کە سیمای کورد لە بەر چاوی جیهانیان دا بە سوکی و خراپە نیشان بدەن، ئەمڕۆکە هەمووی پوچ بکرێتەوەو گەلی کورد سیمای راستی و مرۆڤ دۆستی و لێهاتوویی لە بەر چاوی مرۆڤ دۆستان و پیاو چاکان و کەسانی خاوەن ویژدان لە هەموو جیهاندا بکا بە چاکەو سەدان نوسراوو پەرتوکەکانی دژ بە گەلی کورد وەك نوسینەکەی کارلمای ئەلمانی کە لە دوور کوردستانەوە لە سەر زمانی دوژمنانی کوردەوە سوکایەتی بە گەلی کورد کردووەوسیمای زشت و ناشرینی کە داگیرکەرانی کوردستان بە سەر کوردیان هێناوەو بوختانیان بە کورد کردووە، ئەمڕۆکە بە درۆزن و پیاو خەراپ بناسرێن ئەم درۆو دەلەسانەی دژ بە گەلی کورد بە ناڕەواو نالەبار و پوچ بناسرێن چەنکە هیچ ڕاستیەکی تێدا نەبوەو نیە، دەبینین کە ئەمڕۆکە گەلی کورد سەلماندویەتی کە هەموو ئەو شتە ناراست وناڕەوایانەی کە لە هەر چوار لاوە بە سەر گەلی کورد دا سەپێنراوە تەنیا بوختان و درۆو دەلەسە بووەو کورد گەلیٚکی ئاشتی خوازو مرۆڤ دۆست و حەزی لە ژیانی ئازادی و دیموکرات و ڕێز لە مافی هەموو کەسکەوە دەگرێت گەر ڕێزی لیٚ بڤیریت و هەرگیز پەلاماری کەسیشی نەداوەو هەرگیز شەرخواز و درندە نەبووە و کورد تەنیا قوربانی دەستی ترۆرو داگیرکردن و نیازی گلاوی دکتاتۆرەکان بووە.

ئەم هەلە پیرۆزەی ی ئەمرۆ کە هاتۆتە کایەوە و زیاتر لە هەموو کاتێك دا پێویستی بەوەیە کە هەموو کەسیٚ کە خۆی بە دلسۆزی تەواوی گەلی عێراق دابنێت دەبیٚ دان بە گەلیٚ شتی تازەو راست ورەوا بۆ گەلی کورد دان بنێتٚ و خۆی دوور بکاتن لە هەموو هەستێکی کە تا دوێنیٚ هۆکاری کارەساتەکان و بە سەر هاتەکانی گەلی کورد بووەو کاریٚ نەکاتن کە دیسانەکە نەهامەتیەکان و گیرو گرفتەکانی دوێنێی و رابوردو کە دکتاتۆرو داگیرکەرەکەلله وشکەکەکان بە سەر گەلی عێراق و بە تایبەتی گەلی کوردیان هێناوە دوبارە ببێتەوە، ئەمرۆ باشترین کار بۆ سەرکەوتنی تەواوی گەلانی عێراق دان نان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کوردە کە سالەهای سالە بەشی خوراوەو تا ئەمرۆش گەلیٚ لە دوژمنانی خەلکی عێراق بە تایبەتی بە ناوی ئومەی عارەبیوە کە تەپل و دەهۆلی ناپاکی لیٚ دەدەنەوەو دیسانەکە نامرۆڤانە دەروانننە خاکی عێراق و کۆنە کایان بە با دەکەنەوە و بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەوەی بۆ خۆیان دەیانەویٚ بۆ گەلانی تریش ڕەوایەو دەبیٚ بێتە کایەوە، بە تایبەتی بۆ گەلی کورد ئەو عارەبانەی کە بۆ ئوممەی خۆیان هەموو شتیٚ بە ڕەوا دەبینن و ماف بە خۆیان دەدەن کە خاوەن دەها وەلاتی عارەبی بن و کە تا ئەمرۆش نەیان توانیوە هیچ جۆرە دیموکراتیەت و پێشکەوتن و بۆ ئومەی عارەبی وەدی بێنن و جگە لە کارەساتە تالە کان و دواکەوتنەکانیان شتێکی تریان وەدی نەهێناوەو هەستی دکتاتۆریەت و بۆنی مرۆپی ئازادبوون زۆر بە کەمی لە ناویان دا هەتا ئەمرۆش وەدی دەکرێت!ئێستاش بیر لە لە ناو بردن و کوشت و کوشتارو خۆ تەقینەوەو داگیر کردنی خاك و ژیانی گەلانی تردەکەنەوە و بە سەدان کارەساتیان لەم جیهانە دا وەدی هێناوە و زۆر بیٚ شەرمانەش وا خاکی عێراق بە خاکی ئومەی عارەبی ناو دەبەن و هیچ ئامادەییان نیە کە دان بە گەلێکی پەنجا ملیۆنی وەك کورد دا بنێن و ئەم کوردەی کە سالەهای سال چەوساوەیەو بیٚ ماف ژیانە ئەمە بۆ کورد زۆر بە ڕەوا دەبینن، ئێستاش زۆربەیان سەدامیان بە ڕاست زانیوەو خەونی پێوە دەبیننەوەو بە راستی دەزانن کە ئەو هەموو کارەساتانەیان بە سەر گەلی کوردو خەلکی عێراق هێناوە، هیچ ئامادە نین کە دان بە مافی چارەنوس و بوونی وەلاتێکی کوردی دا بنێن و هەتا ئەمرۆکەش شپۆڤێنیە عارەبەکان و تەواوی داڤیرکەرانی کوردستان چاو نابڕنە مافە رەواکانی گەلی کوردو پێیان وایە کە دەبیٚ کورد هەمیشە ژێر چەپۆکی درندەییان بێت، بەلام ئەمرۆ ڕۆژگارو زەمانە گۆڕاوەو تازە باوی ئەوە نەماوە کە خەلکانیٚ بە ناو کۆمەلەی عارەبان و لە وەلاتانی دوور دوورەوە زمان درێژی بکەن و خاکی کوردستان بە خاکی عارەبان چاو لیٚ بکەن، ئەوانەی کە ئاوا بیر دەکەنەوە هەر هەمان سەدامیان و دکتاۆرو فاشستەکانن کە هەموو شتیٚ بۆ گەلی خۆیان ڕەوا دەبینین بەلام بۆ گەلێکی وەك کوردی پەنجا ملیۆنی ڕەوای نابینن.

گەلۆ خۆ ئەگەربێت دەستوری تازەی عێراقیش دان بە تەواوی مافەرەواکانی گەلی کورد دا نەنێتن و خاکی عێراق بە خاکی ئومەی عارەبان دابنیٚ، ئەوا دیسان دەبنەوە هۆکاری کارەساتەکان و نا ئارامی لە تەواوی ناوچەکەداو دیسان نالەباری و وێرانی و کوشت و کوشتار بۆ گەلی کوردو هەموو خەلکی عێراق دابین دەکەنەوە، گەورەترین سەرکەوتن بۆ تەواوی خەلکی عێراق و هەموو ناوچەکە ئەوەیە کە ئەو دەستوورە هەمیشەییەی کەلە داهاتوو بۆ تەواوی خاکی عێرق بڕیاری لە سەر دەدرێت مافی چارەنوسی گەلی کوردی تیا بگونجێندرێت و ئەم مافە

میللیه تەنیا بە دەستی خودی گەلی کورد بیصت و دلسۆزانە ڕەچاو بکرێتنئەگەر بە پێچەوانەوە بیت ئەوادیسان ئاسایش لە عێراق دابین ناکرێت، هەروەك چۆن عارەبەکان لە عێراق هەموو مافێکیان هەبووە دەبێ ئەمڕۆکە بۆ گەلی کوردیش هەر ئاوا بێت و ئەو کاتە عێراق و هەموو ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین ئاسودە دەبێت کە گەلی کورد مافی چارەنوسی خۆی خۆی بدات و خۆی خاوەن هەموو بڕیارەکانی ژیانی ئازادی و ڕەهایی و ژیانی سەربەرزانەی خۆی بێت، ئەوکاتە عێراقێکی بەهێز و کوردستانێکی بەختەوەرانە دێتە کایەوە کە دەستوری هەمیشە عێراق بە راشکاوی و رك و راست دان بە هەموو مافێکی گەلی کورد بنێت و لە ناو ئەو دەستورەدا بگونجێت، دەبێ مافی بریاری چارەنوسی کورد تەنیا لە دەستی خودی کورد بێت و بەس، ئەوکاتە دەستوری عیراق بە هێزو پتەوو سەرکەوتوو دەبێت کە دان بە هەموو مافێکی میللی گەلی کورد دا بنێت و لە کاتی بڕیار دانی گەلی کورد لە ریفراندۆمێك دا مافی جیابوونەوەی لەو دەستوورەدا بە ڕەوابناسرێت.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.